**بەش: زمانی کوردی- ئێواران**

**کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: زمانەوانیی کۆمەڵایەتی**

**ڕێبەری کۆرس – قۆناغی سێیەم**
**کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا: د.هیوا أحمد عصاف**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن:2023 – 2024**

## ڕێبەری كۆرس
## Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی كۆرس** | زمانەوانیی كۆمەڵایەتی |
| **2. ناوی مامۆستای بەرپرس** | پ.ی.د.هیوا أحمد عصاف |
| **3. بەش/ كۆلێژ** | بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە/ شەقڵاوە |
| **4. پەیوەندی** | ئیمێل: Hewa.assaf@su.edu.krd |
| **5. یەكەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | 3 كاتژمێر تیۆری |
| **6. ژمارەی كاركردن** | ڕۆژانی دووشەممە ، چوارشەممە |
| **7. كۆدی كۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | - بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی لە زانكۆی سەڵاحەدیین 2005-2006.<br>- ماستەر لە زمانی كوردی لە زانكۆی سەلاحەددین 2009.<br>- گۆڕینی ناونیشان لە (مامۆستای یاریدەدەر)ەوە بۆ (مامۆستا) لە 2012.<br>- دكتۆرا لە زمانی كوردی(پراگماتیك)- 2022<br>- وەگرتنی ناسناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاردەدەر)- 2023<br>- نووسین و بڵاوكردنەی چەندین لێكۆڵینەوەی ئەكادریمی. |
| **9. وشە سەرەكیەكان** | زمانەوانیی كۆمەڵایەتی، زمان و كلتوور، یاسا كۆمەڵایەتییەكان، ململانێی زمان |

**10. ناوەرۆكی گشتی كۆرس:**

**پێناسەی بابەت:** زمانەوانیی كۆمەڵایەتی لقێكە لە زمانەوانیی كارەكی، لە پەیوەندی زمان بە كۆمەڵ و ئەركی زمان لە كۆمەڵدا دەكۆڵێتەوە. لەم لقەی زمانەوانیدا لە لایەنی زیندووی بەكارهێنانی زمان وەكو ڕەوشتێكی كۆمەڵایەتی دەكۆڵێتەوە.

**گرنگیی بابەت:** بەگشتی گرنگیی زمانەوانیی كارەكی لەوەدایە لە لایەنی كارەكی و بەكارهێنانی زمان دەكۆڵێتەوە. زمانەوانیی كۆمەڵایەتیش لە زمان ناكۆڵێتەوە وەكو كەرەستەیەكی بێگیان، بەڵكو لە ناو كۆمەڵگاوە زمان دەكات بە كەرەستەی خۆی و زمان بە ژیان و بە كۆمەڵەوە دەبەستێتەوە و بەرچاوڕوونیی بە قوتابییان دەدات سەبارەت بە بەكارهێنانە كۆمەڵایەتییەكانی زمان.

**11. ئامانجەكانی كۆرس**

**ئامانجی بابەت:** ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:

1- قوتابی دوای تەواوبوونی كۆرسەكە زانیارییەكی گشتیی لەبارەی زانستەكەوە هەبێت.

هەروەها خاوەنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی ورد بێت بۆ زمان و بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان و پەیوەندیی زمان بە کۆمەڵەوە.

2- قوتابی شارەزای کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی زانستەکەبێت و بواری زانستەکە بزانێت و جیایانبکاتەوە لە هی لقەکانی تری زمانەوانی و زانستەکانی تر.

3- قوتابی ببێتە خاوەن کۆمەڵێك بنەمای زانستی لەم بوارەدا تاکو بەهۆیەوە بتوانێت لێکۆڵینەوە لە بوارەکەدا بکات و پەرە بە بوارەکە و تواناکانی لەو بوارەدا بدات.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

بەگشتی پێویستە قوتابی پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

1- ئامادەبوونی بەردەوام لە پۆلدا.
2- سەرنجدان و بەشداریکردن لە وانەکاندا.
3- ئامادەبوون لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا.
4- خوێندنەوەی بەشێك لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە دیاریکراون.
5- نووسینی ڕاپۆرت یان پێشکەشکردنی سیمینار لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بە مەبەستی بەهێزبوون لە بابەتەکە. بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی لە تاقیکردنەوەکان نمرەی خراپ بەدەستدەهێنن.

**13. ڕێگەی وانەوتنەوە**

- سەبارەت بە ڕێگای وانە وتنەوە، ئەم بابەتە پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێگای (وانەبێژی+پرسیار و وەڵام+گفتوگۆ+ ئیستقرائی، ئیستنتاجی) هەیە.
- لە کەرەستە و هۆیەکانی فێرکردن، وانەکە پێویستی بە (تەختە و ماجیك، داتاشۆ) هەیە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

- لە ماوەی کۆرسەکەدا (2-3) تاقیکردنەوە دەکرێت بە نووسین هەر تاقیکردنەوەیەك لە سەر (20) نمرە دەبێت و دواتر تێکڕا لە سەر (40) دەردەهێنرێت و وەکو نمرەی کۆشش دادەنرێت.
- ئەو قوتابییانەی ڕاپۆرت یان سیمینار پێشکەش دەکەن، نمرەی زیادەیان بۆ دەخرێتە سەر نمرەی کۆشش.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

بابەتەکە چەند ئامانجێك دەپێکێ:

یەکەم: ئامانجی گشتی: قوتابی زانیاری پەیدا دەکات لەسەر بابەتەکە و دەبێت بە خاوەنی زانیاری و لێهاتووییەك سەبارەت بە زمان و ئامادەبوون بۆ کاری مامۆستایی و پاشان لێکۆڵینەوە لە بواری زمانەوانیدا.

دووەم: ئامانجی تایبەتی:

أ- ئامانجی مەعریفی: قوتابی ئاشنا دەبێت بە بابەتە جیاوازەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، وەك (پەیوەندی زمان و کۆمەڵ، زمان و کلتوور، ململانێی زمان...هتد)

ب- ئامانجی ویژدانی: قوتابی لایەنگری و خۆشەویستیی بۆ وانەکە بە گشتی و بەشە وانەکان پەیدا دەکات و زەوق و سەلیقەی ئەوەی دەبێت کاتیان بۆ تەرخان بکات و خۆی پێیانەوە خەریك بکات.

ت- ئامانجی ڕەفتاری: قوتابی دەتوانێت لە کاتی پێویست و لە کاتی بوون بە مامۆستا یان وانەوتنەوەدا سوود لە زانیارییەکانی وەربگرێت و بەکاریانبهێنێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

- **سەرچاوەکان.**

1- بەهار زایر محەمەد(2010)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی

سەلاحەدین، هەولێر.

2- حسێن یەعقوبی(2007)، زمان – وەرگێڕان و پەیوەندی کلتووری، و: ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر.

3- محەمەد مەعروف فەتاح(2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

4- محەمەد مەعروف فەتاح(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

5- نایف خەرما(2013)، چەند تیشکێک بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، و: شەهاب شێخ تەیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

6- نیک لاند(2016)، زمان و هزر، و:مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

7- پەیمان حەسەن محەمەد(2010)، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**به زمانی عەرەبی:**

1- محمد محمد داود(2009)، جدلية اللغة والفكر، القاهرة.

2- محمود السعران (1963)، اللغة والمجتمع، الطبعة الثانية, الاسكندرية.

3- م.م.لويس(2003)، اللغة في المجتمع، ت.تمام حسان، عالم الكتب، القاهرة.

4- هدسن(1987)، علم اللغة الجتماعي، ت.محمود عبدالغني عياد, الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.

5- علي عبدالواحيد الوافي(1983)، اللغة والمجتمع، الطبعة الرابعة، شركة عكاظ للنشر والتوزيع.

6- محمد عفيف الدين دمياطي(2017), مدخل الى علم اللغة الاجتماعي، الطبعة الثانية، اندنوسيا.

7- هادي نهر(1988)، علم اللغة الاجتماعي عند العرب، الطبعة للاولى، جامعة المستنصرية، مصر.

17- بابەتەکان:

| بابەت | هەفتە |
|---|---|

| | |
|---|---|
| - ناساندنی کۆرسبووك<br>- زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و لقەکانی زمانەوانی | هەفتەی یەکەم |
| - بوارەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی<br>- ئەرکەکانی زمان و ئەرکی کۆمەڵایەتی | هەفتەی دووەم |
| - زمان و کۆمەڵ<br>- زمان و کلتوور | هەفتەی سێیەم |
| - زمان و بیر<br>- زمان و جیهانبینی | هەفتەی چوارەم |
| - زمان و مەعریفە<br>- زمان و ئاین | هەفتەی پێنجەم |
| - جیاوازیی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان | هەفتەی شەشەم |
| جیاوازیی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی زمانی<br>- زمان و ڕەگەز<br>- زمان و تەمەن | هەفتەی حەوتەم |
| - زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان<br>- زمان و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان | هەفتەی هەشتەم و نۆیەم |
| بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان<br>- زمان و ڕێزگرتن<br>- زمان و ڕازیکردن | هەفتەی دەیەم و یانزدەیەم |
| ململانێی زمان | هەفتەی دوانزدەیەم |
| پلانی زمان و سیاسەتی زمانی | هەفتەی سێزدەیەم |
| جۆراوجۆری زمانی(تنوعات اللغویه) | هەفتەی چواردەیەم |
| - پێداچوونەوە<br>- تاقکیکردنەوە | هەفتەی پانزدەیەم |

18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت): نییە

| |
|---|
| **19. تاقیکردنەوەکان**<br>پ1: کلتوور چییە؟ ڕەگەزەکانی چین؟ چ پەیوەندییەکی بە زمانەوە هەیە؟ ڕوونی بکەوە<br>پ2: ئاین بە چەند شێوە کار لە بەکارهێنانی زمان دەکات؟ ڕوونی بکەوە.<br>پ3: مەبەست چییە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی زماندا؟ بۆ پەیڕەودەکرێن؟ |
| **20. تێبینی تر: نییە** |
| **21. پێداچوونەوەی هاوەڵ** |